# حاجیەکان بیرەدا ڕەت دەبن

**بسم الله الرحمن الرحیم**

**یسئلونك عن الانفال قل الانفال لله والرسول**

**قوبادی جەلی زادە**
jalyzada@yahoo.com

لە عەرعەرەوە قسە دەکەم ...

لە عەرعەرەوە .

لە سێبەری بەردەرەشی موقەدەسەوە

( **بواد غیر ذی زرع عند بیتك المحرم** )

لە عەرعەرەوە

لە گۆڕێکی نابینای عەرعەرەوە

سڵاو بالیسان ..

فریشتەکان ، بە هەشتیان لە نەمامەکانی تۆ داچاند

ئاویان لە کانیاوە چاو قرژالەکانی ۆوە

راکــێشـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــا

بە کلچووکی ژنە شۆخەکانی تۆ چاویان رشت و

باڵندەکانی بە هەشت ،

لە چۆلەکە رۆح سووکەکانی تۆوە فێرە فڕین بوون

لە عەرعەرەوە قسە دەکەم

لەعەرعەرەوە

سڵاو بالیسان ...

تۆ لە وێ ، شنە برژانگت شانە دەکات و

من لێرە وردە زیخ کاکۆلم هەڵدەکرووزێنێ .

تۆ لەوێ نێو دەمت پریەتی لە گوڵ و

من لێرە برینم پڕیهتی لە گڕ

لە عەرعەرەوە قسە دەکەم

لە بیابانی ئافاتەوە

لە کێوی بەژن بڵندی عەرەفاتەوە

سڵاو بالیسان

**باليسان قريه جميله تجرى من تحتها الانهار**

**فى راحتيها ينفجر اللون و تساقت االانوار**

**على كتفيها ورق الحب وتغرد الاشجار**

**وفى محراب مسجدها ،**

**تركع الحمائم وتسجد الامتار**

له عەرعەرەوە قسە دەكەم

لە ژێر زەمینێكی بێ پەنجەرەوە

لە برینێكی بێ تخووبەوە

لە گۆڕستانێكی بێ گۆڕەوە

عەرعەر :

كوژانەوەی 182 هەزار مۆمە ،

لەدەم ئێوارەیەكی نەورۆزا .

ووشك كردنەوەی 182 هەزار پەپوولەیە ،

لە نێو قەدی ، ( كتێبێكی پیرۆزا !! )

عەرعەر..

لە چاوە شینەكانی یەمامەدا ،

182هەزار فرمێسكی قەتیسماوی سوورە

عەرعەر..

لە تەوێلی شەرمەزاری مێژوودا

182هەزار هێلینی پەڕەسێلكەی خاپوورە

لە عەرعەرەوە قسە دەكەم

لە باغچە هەڵواسراوەكانی ئەنفالەوە

ئەنفال :

182هەزار..... مێش

182 هەزار..... برین

ئەنفال :

182 هەزار ...كوللە

182هەزار ...گوڵە گەنم

ئەنفال

182هەزار....شمشێر

182 هەزار ....گەردن

ئەنفال

182 هەزار .. حجارە من سجيل

182هەزار ....گوڵووكە هەناری هەڵوەريوی ديل

ئەنفال

182هەزار ....جمر من حديد

182 هەزار ...روندكی شەونمی شەهيد

لە عەرعەرەوەقسە دەكەم

حاجيەكان بێرەدا رەت دەبن

باخەڵيان پڕ لە گوێز

مەتارەيان پڕ لە شنە

حاجيەكان بێرەدا دەگەرێنەوە

نێو دەميان پڕ لە قەسپ و

مەتارەيان پر لە زەمزەم

كۆرپەيەك لە ژێر لمەوە پێ ی گوتن :

من لە نێوان دوو شەنگەبيدا جۆلانەيەكم هەبوو

لەتريقەی تريفە .

چۆلەكەيەك لە ژێر لمەوە پێ ی ووتن :

من درەختێكم هە بوو كە گۆرانيم بۆ دەگوت ،

گەلاَ گەلاَ چەپڵەی بۆ دەكوتام .

درەختێك لە ژێر لمەوە پێ ی گوتن :

من كانيلەيەكم هەبوو پێنج فەرزە تيايدا ،

دەستنوێژم هەڵدەگرت .

لە ژێر لمەوە سەگێك بە حاجيەكانی گوت :

وەو وەو وەو وەو :

من شوان و ڕانەمەڕێکم هەبوو ، نە خەبەرێکیان هەیەو
نە ئەسەر !

حاجیەکان بێرەدا دەگەرێنەوە ...
کەشیدەیان پڕ لە حەسرەت
مەتارەیان پڕ لە تەنیایی !!

مەڕیکی شەهید پیێ ی گوتن :
من شەنگە بێرییەکم هەبوو پەنجەکانی دە رووبای شەکر بوون
لە ژێر لمەوە کۆترێك پێی گوتن :
من رووبارێکم هەبوو دوای هەموو جووت بوونێك ،
خۆم تیبا بسمیل دەکرد .

ژنێك لە ژێر لمەوە ...
« از قالت : رب ابنی لی عندك بیتا فی الجنه
ونجنی من فرعون وعمله
ونجنی من القوم الزالمین »

دەنگێك لە ژێر لمەوە دەنگی« عبدالباست » بوو پێی گوتن ::
بەر لەوەی ئایەتەکانم بسووتێنن ،
بەر لەوەی « رەفیق » ەکانی ابو جهل ،
حەرفە پیرۆزەکانم لە خوێن سوور کەن "
من لە مزگەوتێکی چیاییدا ،
سەرم نابو بە سەر رانی پەپوولەییێ و
گوڵێك باوەشێنی دەکردم و
کەنارییەك دەیخوێندم !

گۆڕستانێك لە ژێر لمەوە پێی گوتن :
من گوندێکم هەبوو تاریك و روونییێك
بەر لەوەی کەڵەشێر مزگەوت لە خەو راپەڕێنیێ
چاویان بەست و
قۆڵیان بەست و
خستیانە پشتی ماشێنیێ !

حاجیەکان بێرەدا رەت دەبن

بە نێو گۆڕستانێکی بێ گۆڕوو

بە نێو ئۆقیانووسێك قیژەو

بە ئاسمانێکی کشاوا ..

باخەڵییان پڕ لە سادەیی و

مەتارەیان پڕ لە گەمژەیی !!

مەلای گەورە پێی گوتن :

بەر لەوەی بڕۆن ، بۆ پەنجەکانی بەردە رەش ،

ها ئەوە تەزبیحێك لە 182 هەزار دەنکە زەیتوون .

حەبیب خان پێی گوتن :

بۆ گەردنی عائشە هانێ گەردانەیەك

لە 182 هەزار نقێمی گلێنە .

لە عەرعەرەوە قسە دەکەم

لە عەرعەرەوە ...

تا چاو بڕکات ،

شوێن پێ ( پیرۆز ) ەکانی پێغەمبەر !!

تا چاو بڕکات شوێن گاگۆڵی گوندی هەتیوو و ،

لایلایەی کانیلەی دەست بەسەر .

تاچاو بڕکات ،

باخی( عەدالەت ! ) ی عومەروو مەصحەفە سەوزەکەی عوسمان .

تاچاو بڕکات ،

کوڵەباڵەی هەڵکڕوزاوی لاوك و پووزەوانەی سوتماکی حەیران .

تا چاو بڕکات ،

شەستەبارانی( تەقوا ) و نێرگزەجاڕی ( باوەڕ !! ) .

تاچاو بڕکات ،

کەللەسەری مالکی کوڕی نوەیرەو لاشەی دوو لقی

عومەری خاوەر .

**لە عەرعەرەوە قسە دەکەم**

**لە عەرعەرەوە**

**بستێک لە ئەشکەوتی حەرائەوە دوور**

**گوێم لە شەققەی شاباڵەکانی جبریلە**

**پۆل پۆل مەخلووقاتی عەجیب ،**

**بە لکە خورمای (( اقرا )) وە دێنە دەر .**

**دەستێکیان شمشێرو**

**دەستێکیان ( نوور !! )**

**(( خالد)) دەبینم دووای قەتلوعامی(( بەنی قوریزە ))**

**بە کلێتەکەی من عەرەقی تەوێڵی دەسڕێ و**

**بە فەقیانەکەی من ،**

**شمشێری پاک دەکاتەوە .**

**ڕەوە سوارێ لە کوردستانەوە دەگەن ،**

**ئەسپە ڕەشەکانیان لە کێلی گۆڕە نادیارەکەم دەبەستنەوە .**

**لە پشتەوەی هەر سوارێکی ڕەشتاڵە ،**

**خەجێکی یەخسیری سیپان و**

**شۆڕەژنێکی شەتەکدراوی شارەزوور !!**

**خوێنی منیش تنۆک تنۆک و سەر لەبەر**

**داچۆڕایە ،**

**گەرووی ئەو کوولەکە تەڕەی**

**کە بیلالی حەبەش شەلاڵی کردبوو لە**

**اللّٰە اکبر !!!**

**لە عەر عەرەوە قسە دەکەم**

**لە عەرعەر .**